ئەستێرەیەکی پێشووی ئیتالیا بە یەکجاری وازهێنانی لە تێپی پێ راگەیاند



ئێنتێنیە کاندرۆفا، یەکێک لە یاریزانە بەناوبانگەکانی تێپی پێی ئیتالیا و یاریزانی پێشووی یانەکانی لازیۆ و یۆفانتاس و ئینتەرمیلان، ئەمڕۆ سێشەممە لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند، ئەمەش دوای ئەوەی ١٨ ساڵ لە یانە نوخبەیەکان بەسەری برد.

ئەستێرەکەی پێشووی هەبزاردەی ئیتالیا لە پارچە ڤیدیۆیەکدا وازهێنانی خۆی لە تێپی پێ ڕاگەیاند و تێیدا وتی: تێپی پێی ئازیز ئەمە یەکێکە لە هەڵە گرنگەکانی ژیانم، کاتی ماڵئاواییکردن هاتووە و لەڕە لە سان سیرە، سکالا دڵ کالچیە، کە دوا یاریم تێدا ئەنجامدا، وازهێنانی خۆم لە یاریکردن ڕایدەگەیەنم.

وتیشی: سی ساڵ لەمەوبەر، گەشتەکەم دەست پێکرد، کە پڕ بوو لە خۆشی و خەم و قوربانیدان و سەرکەوتن، بە خۆون و خولیای خۆم ژیام، من ئەمە وەک ماڵئاوایی نابینم، بەکو وەک سەرەتایەکی نوێ تەماشای دەکەم.

کاندرێڤا 54 یاری نەودەوەتی لەگەڵ هەبژاردەی ئیتالیا ئەنجامداوە و تێیدا خاوەنی حەوت گۆڵ، لەگەڵ یانەکانیش 693 یاری ئەنجامدا و تێیدا سەرکەوتوبوو لە تەمارکردنی 106 گۆڵ و 122 ئاسیست، جامی ئیتالیاشی لەگەڵ لازیۆ بردەوە لە وەرزی 2012 بۆ 2013.